راگەیاندنی سەنتەری منالان سەبارەت بە

# 126 منالّ چاوەڕوانن بەرد باران بکرێن

بە پێی هەواڵێك كە لە سایتی العربیە بلاو كراوەتە سەبارەت بە قصاصی منالان، تێیدا هاتووە كە 126 "طفلا" في السعودية ينتظرون "السياف".
یاسای قصاص و سەیاف و سەنگسارو چی و چی ، ئەو یاسا نامرۆڤانەن كە لە ئاینی ئیسلامەوە سەرچاوەیان گرتووە لە بەشێكی زۆر لە و وولاتاندا كە ئیسلام تێیدا دەسەلاتی هەیەو حوكم بە ڕێوەدەبەن، ئەم یاسا دژی مرۆیە تێیدا لە دژی منالان و ژنان بەڕێوە دەچێت.



بە پێی ئەم یاسای دژی ئینسانەی ئیسلام ، شێوەی جۆراو جۆر هەیە بۆ بەردباران كردنی ئینسان و بە تایبەتیش ژنان و منالان ، لە ئێرانی ژێر دەسەلاتی جمهوری ئیسلامیدا چالێك هەلدەكەنن تا نیوەقدی مرۆڤەكە، ئەمجا خەلكانێكی زۆر كۆ دەكەنەوە و دەست دەكەن بەبەرد باران كردنی ، تا لە نێو بەردا نقوم دبێت و بە ئازارەوە دەیكوژن ، یان هەلكۆلینی چاو ، لە هەندێ شوێنی وەك وولاتی عەرەبی سعودیە جگلە لەمە یاسای دەست برین یان لێكردنەوەی یەكێك لە ئەندامەكانی لەشی مرۆڤیش هەیەو پەیرەوی لێدەكرێت.
ئەم یاسا بەربەریانەو دژی ئینسانیانە تەنها لە وولاتانی ئیسلامی و لە ژێر پەیامی ئیسلام و ئاینی ئیسلامدا بەڕێوە دەچێت، وە یەكێكە لە وەحشیترین و دژی ئینسانی ترین یاساكانی سەر رووی ئەم زەوییە. دەسەلاتدارانی عەرەبی ئیسلامی سعودیە بۆخۆیان سەرچاوەی توندو تیژی و تاوانن دژ بە ژنان و منالان ، یەكێك لە دیكتاتۆرترین وولاتی دنیایە و لە ژێر سایەی جبەو عەمامەكانیاندا ژن ئەسلەن وەك مرۆڤ بە حیساب نایەت و لە سادەترین مافەكانی خۆیان بەهرەمەند نین ، لێدان و سوكایەتی كردن بە منالان و ئیتاعەكردنیان بۆ گەورەكان و حیجابی بەزۆری منالان، بە منالی بەشودانیان و ئیغتصاب كردنیان ، ئەمانە سادەترین شتێكە كە لەژێر دەسەلاتی حوكمی قەرەقوشی عەرەبی ئیسلامی سعودیەدا بەڕێوە دەچێت. هەر ئەمەشە سەرچاوەو هۆی هەموو ئەو تاوانانەی كە منالان لە سعودیە پێی هەستاون.
جێگەی داخە كە بەشێكی زۆری ئەو خەلكانەی كە هاتوون لەسەر ئەم فتوایەی ئیسلام و یاسای جەنگەلی دژی ئینسانی  وولاتی سعودیە نەزەری خۆیان داوە، بەگشتی لەو ئیسلامیانەن كە زۆربەیان لەگەل كرۆكی ئەو یاسایەدا كێشەیەكی ئەوتۆیان نییە و لەدژی نەوەستاونەتەوە، وە بەشی زۆریان دەلێن ئەمە یاسای خودایە و نابێت دەستكاری بكرێت، لە هەمان كاتدا بەڕێوەبەرانی ئەم سایتە جگلە لە نەزەری شیرو تیر بۆ كوشتنی منالان هیچ نەزەرێكی تری موجالف بە خۆیان بلاو ناكەنەوە.
ئێمە لە ڕێكخراوی "سەنتەری بەرگری لە مافەكانی منالان" بەتوندی لە دژی ئەم فتوا نامرۆڤانەیەی  حكومەتی سعودیە دەوەستینەوەو مەحكومی دەكەین. ئەم یاسایە تەواو لە دژی مرۆڤ و لەدژی هەرجۆرە ماف و عورفێكی ئینسانییە، ئەگەر نوێنەرانی كۆنەپەرستی ئاینی ئیسلام و ئاخوندو عەمامە بەسەركانی سعودیە لەهەرجێگەیەكی تری ئەم دنیایەدا و لە وولاتانی پیشكەوتووی ئەمڕۆی دنیادا باس لە سەپاندنی ئەم یاسایە بكەن نەك بەسەر ئینسان و منالاندا بەلكو بەسەر گیانەبەردا ، ئەوا خۆیان و حكومەت و یاسایان ڕیسوا دەكرێن و دەكەونەبەر نەفرەت و تورەی خەلك لە هەموو دنیادا.
یاسای قصاص و بەردبارانی منالان ، بەهەر هۆیەكەوە بێت دەبێت هەلوەشێتەوە و هیچ كەس ئیجازەی نییە كە منالان بەردباران بكات، سوكایەتیان پێبكات وسزایان بدات ، بەلكو دەبێت تەواوی پێداویستیەكانی ژیانیان بۆ دابین بكرێت و لە ژیانێكی خۆش و ریفاه بەهرەمەند بكرێن ، ئەوە حكومەتی سعودیەیە كە بەرپرسە لەوتاوانانەی كە ئەو منالانە ئەنجامیان داوە نەك منالەكان خۆیان ، سیستەمەمی حكومرانی دكتاتۆرانەی حكومەتی سعودیە كە بنەمای یاساكانی لە ئیسلامەوە سەرچاوەی گرتووە ، تا سەر مۆخ یاسا و سیستەمێكی دژی منالان ، دژی ژنان و بەگشتی دژی دیموكراتیك و مافەكانی ئینسانە، ئەركی هەموو ڕێكخراوە مرۆڤدۆستەكان و بەرگریكەرانی مافەكانی مرۆڤ و بەتایبەتیش مافەكانی منالانە كە لەبەرامبەر یاسای بەردباران و قصاصی نامرۆڤانەی حكومەتی سعودیەدا دەنگ هەلبڕن ، وە بەهەر شێوەیەك بۆیان دەكرێت فشار بخەنەسەر حكومەتی سعودیە كە دەستبەرداری ئەو یاسا دژی ئینسانیە بێت.

نەفرەت لە یاسای بەربەری و دژی ئینسانیتان
ئازادی بۆ منالانی سعودیە


شێرزاد فاتح
سەنتەری بەرگری لەمافەكانی منالان
www.santarimnlan.com
sherzad_f@yahoo.com